گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8x1rty91

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 08/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 13/10/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# خەباتی سیاسیی نەوشیروان مستەفا ئەمین لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا (١٩٧٠-١٩٥٨)

**ئازاد علی مولود[١] - هیوا حەمید شەریف[٢]**

Azad.ali@uor.edu.krd hewa.hameed@koyauniversity.org

[١+٢] بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

لێکۆڵینەوە و بەدواداچون و خستنەڕوی وێستگەکانی ژیانی کەسایەتییە دیار و بە دیمەنەکانی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەك، بەتایبەتی ئەوانەی لەڕێگای هەوڵ و چالاکییەکانیان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکانی سەردەمی خۆیان دروستکردوە و شوێن پەنجەیان لەسەر لاپەڕەی مێژودا جێهێشتوە. وەکو ئاشکرایە لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم ژمارەیەك کەسایەتی سیاسی و سەربازی لەناو کوردانی باشوری کوردستان بەدیارکەوتون، کە (نەوشیروان مستەفا) یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانەی شوێنپەنجەی لەبواری سیاسیی، سەربازیی و ڕۆشنیریی بەجێهێشتوە، ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕۆڵی ناوبراو لە قۆناغێکی ژیانی سیاسی تەرخانکراوە، ئەویش خەباتکردنیەتی لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە سەرەتای کار و چالاکییەکانیەتی لە گۆڕەپانی سیاسیەتدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕۆڵی ڕاستەقینەی (نەوشیروان مستەفا) بەئەرێنی و نەرێنی بخاتەڕو، فاکتەرەکانی پشت پێگەیشتن و ڕۆڵی ناوبراو ئاماژەپێبدا، بۆ گەیشتن بەم ئەنجامانە هەوڵدەدرێت بەمیتۆدی خستنەڕوی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنی سەرچاوەی زانیارییەکان لایەنە شاراوەکانی و کەسایەتی و بیروباوەڕ و ڕۆڵی سیاسی ناوبراو بخرێتەڕو وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: دەرکەوتن و پێگەیشتنی سیاسی (نەوشیروان مستەفا) چۆن بوە؟ لە چ ڕوانگەیەکەوە گۆڤاری ڕزگاری کردوە بە میمبەری دژایەتیکردنی باڵێکی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری باڵەکەی دیکە؟ بۆچی چەند جارێك هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە؟

**کلیلە وشەکان:** نەوشیروان مستەفا، پارتی دیموکراتی کوردستان، شەڕی ناوخۆ، باشوری کوردستان.

# Political Career of Nawshirwan Mustafa Amin Among the Kurdistan Democratic Party (KDP) in Kurdistan (1958–1970)

**Hiwa Hameed Sharif [2] Azad Ali Maulud[1]**

[1+2] Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq

Abstract

Research and investigation into the life stages of well-known and prominent figures in each society and nation - particularly those who played significant roles and whose activism influenced the events of their time - is an important task, especially for uncovering unknown aspects of those events. It also reveals their true impact and contribution to history. In the second half of the twentieth century, a number of political and military figures emerged as prominent leaders in Southern Kurdistan. Nawshirwan Mustafa Amin was one of them, leaving a lasting mark in the political, military, and intellectual spheres. This research project focuses on his role during his days in the Kurdistan Democratic Party (KDP), which marked the beginning of his political activism. This study aims to objectively examine Nawshirwan Mustafa Amin's true role, highlighting both his positive and negative impacts, and analyzing the underlying factors that shaped his development. To achieve this, the research employs methods of information discovery, analysis, and source comparison to uncover hidden aspects of his personality, beliefs, and political contributions. The project seeks to answer several key questions: How did his emergence and development take shape? In what ways did he use Rzgary magazine to criticize one wing of the KDP while supporting another? And why was he subjected to multiple assassination attempts and acts of political intimidation?

Keywords: Nosherwan Mustafa, Democratic Party Kurdistan, civil war, south Kurdistan

## پێشەکی

نەوشیروان مستەفا ئەمین (١٩٤٤-٢٠١٧)، یەکێکە لەو سیاسیانەی باشوری کوردستان کە بۆ ماوەی پتر لە نیوسەدە (١٩٦١-٢٠١٧) ڕۆڵی بەرچاوی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ململانێ و شەڕی ناوخۆی نێوان پارتە سیاسییەکانی کورد گێڕاوە. خەڵکانێکی زۆر ئەویان خۆشدەوێت و وەکو کاریزمایەکی مێژوی کورد لێی دەڕوانن، لەهەمان کاتدا ئەوانەش کەمنین کە ڕێک بەپێچەوانەوە کەسایەتی ناوبراو دەبینن. ڕوانینمان بۆ نەوشیروان هەر چۆنێک بێت، نکوڵی بەهێزی کەسایەتی سیاسی ناوبراو و کاریگەرییە فراوانەکەی (لەڕوی ئەرێنی و نەرێنی) لە گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستاندا ناکرێت.

**گرنگی بابەتەکە** لەوەدایە، لەڕابردو و هەتا ئێستاش، تاکەکان بەتایبەتی سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕۆڵی گەورە و چارەنوسسازیان گێڕاوە، ئەوان لەهەمو کەسێک زێدەتر توانیویانە خەڵکی لەدەوری فیکر و بەرنامە و مەبەستێکی دیاریکراو کۆ بکەنەوە و بەو شێوەیەی دەیانەوێت بەکاریانبهێنن. بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە دۆخی سیاسی ئێستامان بگەین، پێویستە بەشێوەیەکی زانستی و بێلایەنانە لە ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکان لە مێژوی کورد بکۆڵینەوە، بەڵام مێژویەک کە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئاڕاستەی بکەن، نەوەک بەرژەوەندیە کەسی و حیزبییەکان!

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتە،** لەلایەک بۆ ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری نەوشیروان لە کایەی سیاسی باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەگەرچی ناوبراو بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە و کەسانی دیکەش کەم تاوەکو زۆر لە مێژوی ئەو قۆناغەی ژیانی سیاسی ناوبراو دواون، بەڵام هەمو ئەوانە نەیانتوانیوە مێژوێکی تەواو و دروستی ئەو ڕۆژگارەی نەوشیروان بەخوێنەران بدەن، بەڵکو بۆ کەسێک لەسەر ئەم قۆناغە بخوێنێتەوە، هەست بە بونی دژیەکی و ناتەباییەکی گەورە لە نێو سەرچاوەکان لەمەڕ ئەو پرسە دەکات، ئەم دۆخەش دەیان پرسیار دێنێتەوە ئاراوە، بۆ نمونە بۆچی نەوشیروان سەرەتای ژیانی سیاسی خۆی لەناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان دەست پێکردوە؟ چۆن توانی پەرە بە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەکە بدات؟ بۆچی لە ناکۆکی ناوخۆیی ناو باڵەکانی پارتی، ناوبراو چوە پاڵ مەکتەبی سیاسی؟ ئایە ڕاستە ناوبراو دژی شەڕکردن دژی مەلا مستەفا بارزانی بوە؟ کاردانەوەی بنەماڵەی بارزانی بۆ وتارە ئاگرینەکانی گۆڤاری ڕزگاریی چۆن بو؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکە، بونی توێژینەوەیەکی لەو جۆرە پێویست دەکەن.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە،** شەنوکەوکردنی ژیان و بیرکردنەوەی سیاسی ئەو قۆناغەی خەباتی نەوشیروان مستەفایە، بەجۆرێک هەوڵدەدات وێنەیەکی دروستی ئەو قۆناغەی ژیانی سیاسی ناوبراو بخاتەڕو.

لەم توێژینەوەیەدا **زیاتر پشت بە میتۆدی** شیکاری ڕەخنەیی بەستراوە، هاوکات سروشتی توێژینەوەکە ئەوەی خواستوە هەندێک جار میتۆدی وەسفیش بەکار بهێنین، هاوکات بەشێوەیەکی کەمتریش پەنامان بۆ مێژوی زارەکی بردوە.

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەکو سەرچاوە،** بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی هەمەلایەنانە لە ڕۆڵی سیاسی ناوبراو لەو قۆناغەدا تێبگەین، بەشێوەیەکی فراوان پشتمان بە یادداشتەکان بەستوە، بەتایبەت بیرەوەرییەکانی نەوشیروان خۆی و دۆست و ڕکابەرەکانی، بەتایبەت ئەوانەی لێیەوە نزیکبون و مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە، لە نمونەی یاداشتەکانی (مام جەلال، محەمەد سابیر، مەحمودی مەلا عیززەت و هەتا دوایی) هاوکات کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکان بەشێکی دیکەی کەرەستەی خاوی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیەیان پێک هێناوە، بێگومان هەر یەک لەو سەرچاوانە خاڵی ئەرێنی و نەرێنی خۆیان هەیە، کە دەرفەت نییە لێرەدا گەنگەشەی ئەو لایەنانە بکەین.

**پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە** دو باس لەخۆی دەگرێت، باسی یەکەم تایبەتە بە ژیانی سیاسی نەوشیروان لەناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، باسی دوەمیش سەرنج دەخاتە سەر هەڵوێستی ناوبراو لە ململانێ و شەڕی ناوخۆی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی پارتی، بە دیاریکراویش نێوان هەردو باڵی جەلالی و مەلایی.

**باسی یەکەم: خەباتی سیاسی نەوشیروان مستەفا لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٨-١٩٦٤:**

نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕۆژنامەنوس، سیاسییەکی دیار و فەرماندەیەکی سەربازی خەباتی چەکداری خەباتی شاخی باشوری کوردستان بوە، ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و مامناوەند لەڕوی ئابورییەوە لەدایک بوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەمان شاردا تەواوکردوە و ساڵی ١٩٦٧ لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسەتدا بەدەست هێناوە (بۆ زانیاری پتر بڕوانە:مولود، ٢٠٢٠، ٦-١٥). ناوبراو لە ڕوی خەباتی سیاسییەوە بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، لەم تەوەرەیەدا هەوڵ دەدەین، ئاوڕ لە کۆشش و چالاکییەکانی ناوبراو لەناو ڕیزیەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بدەینەوە.

ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، کە ساڵی ١٩٥٣ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزراوە، لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان بوە ڕکابەرێکی بەهێزی یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق، نەوشیروان یەکێک بو لەو لاوانەی لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان واتا ئەو کاتەی قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوە، بە پاڵنەری هەستی نەتەوەیی لەناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی دەستی بە چالاکی سیاسی کردوە، واتە هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ئاراستەیەکی نەتەوەیی گرتوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەسەروی هەمویان بە ژینگەی خێزانەکەی کاریگەر بوە، وەکو دەڵێت:"من لە باوکمەوە فێری دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمانەکەم بوم" (نەوزاد، ٢٠٠٠، ٣)، ئەگەرچی مستەفا ئەمین فەرمانبەری میری بوە و سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوە، بەڵام ئاراستەیەکی کوردپەروەرانەی هەبوە (ئەمین، ١٢-٣-٢٠٢٥).

لەلایەکی دیکەوە، ژینگەی شاری سلێمانی بەگشتی و گەڕەکی سەرشەقام و کۆڵانی بەرخانەقا بەتایبەت کاریگەریان لەسەر (نەوشیروان) هەبوە، تاوەکو ئاراستەیەکی نەتەوەییانە بگرێتەبەر، شاری سلێمانی کە سەردەمانێک مەڵبەندی بابانەکان و دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمودی حەفید (١٨٨١-١٩٥٦) و دەیان شاعیری نەتەوەیی بەناو و دەنگ بوە، خاوەن میراتێکی دەوڵەمەندی سیاسی و فەرهەنگی بوە، شتێکی سروشتییە وەکو یەکێک لە هاوپۆلەکانی خوێندنی ناوەندیی ناوبراو دەڵێت، کاریگەری لەسەر لاوێکی هۆشیاری وەکو (نەوشیروان) هەبو بێت (ڕەمزی، ١٦-١٠-٢٠٢٤). هەر پەیوەست بەو بابەتە یەکێک لە هاوڕێیانی زانکۆی نەوشیروان ئاماژە بەوە دەکات، لەڕوی بیری نەتەوەییەوە ناوبراو لەژێری کاریگەری نوسەر و مێژونوسی دیاری کورد جەمال نەبەز (١٩٣٣-٢٠١٨)دا بوە (شەبەک، ٥-٧-٢٠٢٥).

هەمو ئەو بۆچونانە ڕاستی زۆریان لەخۆگرتوە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێت، سەرشەقام یەکێکە لە گەڕەکە نزیکەکانی سەنتەری شاری سلێمانی و ناو بازاڕی شارەکە، واتە هەر جموجۆڵ و گۆڕانکارییەک لە ناو شارەکەدا ڕویدا بێت بەزویی گەیشتۆتەوە دانیشتوانی گەڕەکەکە. بۆیە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨)دا، زۆر جاران خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی لەوێوە دەستی پێکردوە (زەمەن، ١٩-٥- ٢٠١٩، ٣). لەم ڕووەوە (نەوشیروان) خاوەن ژینگەیەکی تایبەتی بوە، بەوپێیەی بنەماڵەکەی کوردپەروەر و خوداپێداو بون، ئەمە وایکردوە زۆرجاران کەسایەتییە سیاسیەکانی وەکو هەمزە عەبدوڵا(١)، ئیسماعیل عارف(٢) لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا خۆیان لە ماڵی باوکی نەوشیرواندا حەشار بدەن (ئەمین، دەستنوسی بڵاونەکراوە، ٢). جگە لەوەش ماڵی (نەوشیروان) دراوسێی

کەسایەتییەکی کوردپەروەری وەکو نوری ئەحمەد تەها(٣)بون، لەم بارەوە ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە لە گەنجیدا بە نوری ئەحمەد تەها کاریگەر بوە (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٤٦-٤٧).

هەمو ئەو هۆکارانە وایانکرد، نەوشیروان کاتێک خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بوە، لە سەروبەندی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا لەناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بە خەباتی سیاسی بکات (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٥٩؛ ئەمین، دەستنوسی بڵاونەکراوە، ٧)، وەکو هاوسەردەمەکانی باسی دەکەن، هەر لەسەرەتاوە خوێندکارێکی چالاک و هۆشیار و خاوەن بۆچونی خۆی بوە (بابان، ٢٠١٨، ١٠٠). هەر بەهۆی لێهاتویی و شیاوبونی خۆیەوە، لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا لە سلێمانی (١٩-٣-١٩٦١)، یەکێک بوە لەو کەسانەی بۆ سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان هەڵبژێردراوە، پاشان لە شوباتی ١٩٦٢ لە بەغداد بۆ هەمان ئەرک دەسنیشانکراوەتەوە (بابان، ٢٠١٨، ١١١).

بە گوتەی ژێدەرێک (محەمەد سابیر)، (نەوشیروان) ڕۆڵی کاریگەری لە فراوانبون و گەشەسەندنی ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتی گێڕاوە، بۆ نمونە ساڵی ١٩٥٩ لە قوتابخانەی ئەیوبی کوڕان (لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی)، تەنیا دو قوتابی لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان بون، ئەوانەی دیکە لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی بون، کەچی دوای چەند ساڵێکی کەم، ڕێژەکە پێچەوانە بۆتەوە و ڕێکخستنەکانی پارتی بونەتە زۆرینە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٣٣)! (نەوشیروان) بۆ گەشەدان بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پەیڕەوی لەچەند ئامراز و ڕێگایەک کردوە، لەلایەک ڕێخستنێکی نوێی لە ڕیزی قوتابیان داهێناوە، بەناوی شێوازی پورە (لە شێوەی مێشە هەنگ)، کە هەر پورەیەک ڕێکخستنەکانی چەند قوتابخانەیەکی لەخۆگرتوە، کە ئەمەش گروتینی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان بەخشیوە، هەروەها ناوبراو کۆڕ و سیمیناری بۆ لایەنگرانی پارتی گێڕاوە و بە ئاراستەی کوردایەتی هانیداون، ئەمە جگەلە گرتنی خانو بۆ قوتابیانی کەمدەرامەتی دەرەوەی شاری سلێمانی (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٣٠-٣٤).

کاتێک دەگوترێت (نەوشیروان) گەنجێکی چالاک و هەڵکەوتو بوە، قسەیەکی سۆزدارانە و لەخۆوە نییە، بەڵکو هەندێک کردە و چالاکی ناوبراو گەواهی شایستەبونی بۆ ئەو پێهەڵدانە دەدەن، بۆ نمونە کاتێک لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان ململانێیەکی توندی پارتی دیموکراتی کوردستان (وەکو هەڵگری ئاراستەی نەتەوەیی) و حیزبی شیوعی عێراق (هەڵگری فیکرەی عێراقچێتی) بەخۆیەوە دەبینێت، کە لەو ململانێیەدا ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم)یش پاڵپشتی ڕەوتە عێراقچیەکەی کردوە، تەنانەت لەم ڕووەوە بەشێکی سەرکردایەتی پارتیش هاوسۆزی حیزبی شیوعی بون، بەجۆرێک هەمزە عەبدوڵای سکرتێری حیزب ڕەزامەند بوە یەکێتی قوتابیان و باقی یەکێتیەکانی سەر بە پارتی هەڵوشێنەوە و ئەندامەکانیان بچنە ناو یەکێتیە گشتیەکانی عێراق، کە لەژێر سایەی حیزبی شیوعی عێراقیدا بون (بۆ زانیاری پتر بڕوانە: حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٣٧-٣٩؛ کرمانج، ٢٠١٧، ٢٤٥-٢٥٥). ئەمە وایکرد دەنگی گازندە و نارەزایی لەناو ئاراستە نەتەوەییەکەی ناو پارتی بەرزبێتەوە.

(نەوشیروان) یەکێک بو لەو دەنگە نارازیانە، لەم سۆنگەیەوە ناوبراو ئەگەرچی لاوێکی ١٦ ساڵان و بەرپرسیاریەتێکی گەورەی حیزبیشی لەئەستۆدا نەبوە، کەچی ئازایانە و هۆشمەندانە زنجیرە وتارێکی سێ ئەڵقەیی لە ژمارە (٥٦) و (٥٧) و (٥٨)ی ڕۆژنامەی دەنگی کورد لە بەغدا، لە ڕێکەوتی ٨-١٠ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠ بە ناونیشانی "بونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان شتێکی پێویستە" بڵاوکردۆتەوە. لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا نوسیویەتی؛ لەوەتەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان داخراوە، زۆربەی قوتابیانی کوردستان لە چالاکی دورکەوتونەتەوە و دورەپەرێز وەستاون، چونکە بەرپرسانی ئەو یەکێتی قوتابیانەی میری بڕیاری لێداوە، لە ئاوات و ئازاری قوتابیانی کوردستان تێناگەن، هەتا ئێستا یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بیروباوەڕە ڕاستەقینەکەی لە بیری زۆربەی قوتابیانی کوردستاندا ماون، چونکە نوێنەری

ڕاستەقینە و ئاوێنەی ئامانج و ئازارەکانیان بو دەنگی میللەتی کوردی بە میللەتانی گێتی دەگەیاند و یارمەتی قوتابیە کەم دەرامەتەکانی دەدا...(ئەمین، ٨ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، ١)، هەروەها لە بەشی دوەمی وتارەکەیدا سەرنج دەخاتە سەر گرنگی بونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ گەلی کوردستان بەهەمو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکانییەوە...(ئەمین، ٩ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، ١)، لە کۆتا ئەڵقەی وتارەکەشیدا بەکورتی بە گوێی قوتابیانی کوردستان دەدا، کە دوژمن سود لە پەرتەوازەیی قوتابیانی کوردستان دەبینێ (ئەمین، ١٠ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، ١).

جگە لەم وتارە، (نەوشیروان) لەم سەروبەندەدا بە هەڵبەست و پەخشان هەستی قوڵی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی دەربڕیوە، بۆ نمونە لە پەخشانی (لە پێناوی ڕزگاریا) کە لە ژمارەی (٣)ی گۆڤاری ڕوناهی (کانونی یەکەمی ١٩٦٠) بڵاوی کردۆتەوە، دەنوسێت:"کە لە دایک بوین... دایکمان بە کوردی مەلاشوی هەڵهێنابینەوە. کە خستیشینیە لانکەوە بەدەم لای لایەوە پێی وتین: هەوای کوردستان هەڵئەمژین، من بە ئاوی پاک و سازگاری ڕوبارەکانی کوردستان تینویەتیم شکاوە..."، لە کۆتایی پەخشانەکەیدا خۆزگە بە مردن لە پێناوی ئازادی گەلی کورد و نیشتیمانەکەی - کوردستان- دەخوازێت (سلێمانی: ش.م، ١٩٦٠، ١٤-١٥).

شیاوی ئاماژە پێدانە، (نەوشیروان) دوای ئەوەی پایزی ١٩٦٢ بە مەبەستی خوێندنی زانکۆ ڕوی کردۆتە شاری بەغدا، لەوێش چالاکانە لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا خەباتی کردوە، لەو ماوەیەدا جگە لە هاوکاری ماددی خوێندکارە کوردە کەم دەرامەتەکان، هەروەکو (د. نەوزاد سالح ڕەفعەت)ی هاوڕێی ناوبراو دەڵێت: لەڕوی سیاسیشەوە شوقەکەی وەکو بارەگایەک شوێنی کۆبونەوەی خوێندکارە کوردە چالاکەکان بوە( زەمەن، ١٩-٥-٢٠١٩، ٥). هەروەها یەکێک بوە لەو خوێندکارە کوردانەی ساڵانە یادی جەژنی نەورۆزیان کردۆتەوە، ئەگەرچی لەژێری فشار و هەڕەشی حکومەتدا بون، وەلێ گوێیان بە مەترسییەکان نەداوە و بە ئاهەنگگێڕان و گوتنی سرودی نەتەوەیی ئەو یادەیان بە زیندویی هێشتۆتەوە (شەبەک، ٥-٧-٢٠٢٥).

یەکێک لە گرنگترین ئەو چالاکیە سیاسیانەی (نەوشیروان) ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی بەغداد لەدژی ڕژێمەکەی قاسم لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ١٩٦٢ بوە (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٦٧). دوای ئەوەی لەیەکێک لە ئامادەییەکان لە نێوان مامۆستایەک و خوێندکارێکی سەر بە ڕێکخستنەکانی بەعس کێشە دەکەوێتەوە، ئەمە لەلایەن حیزبی بەعس دەقۆزرێتەوە بۆ شکست پێهێنان بە حکومەتەکەی قاسم، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، سەرانی بەعس پەیوەندی بە مەکتەبی سیاسی پارتییەوە دەکەن و چەند بەڵێنێکی زارەکی بە کورد دەدەن، بۆیە نیمچە هەماهەنگیەک لە نێوان یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی سەر بە بەعس (الاتحاد الوطني لطلبة العراق) دروست دەبێت (بابان، ٢٠١٨، ١١٦)، ئەوەی پەیوەستە بە (نەوشیروان)ەوە، ناوبراو جگە لەوەی بەشداری لە مانگرتن و گردبونەوەکاندا کردوە، هاوکات بەدەست و خەتی خۆی چەندین دروشمی بۆ بەشداربوان نوسیون و کۆپی کردون، کە تێیدا باسی لە ئازایەتی پێشمەرگە کردوە و تاوانەکانی ڕژێمی قاسمی لە کوردستان بیرهێناوەتەوە (زەمەن، ١٩-٥-٢٠١٩، ٣). جێگەی باسە ئەو مانگرتنانە بەردەوام بون، هەتا لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە کودەتایەک کۆتایی بە حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) دێت (بابان، ٢٠١٨، ١١٦).

ئەگەرچی سەرانی کودەتاچی ناسرییەکان (کۆمەڵیک ئەفسەر و سیاسی نەتەوەپەرستی توندڕەوی عێراقی بون، بەهۆی کاریگەریان بە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر بە ناسری دەناسران) و بەعسییەکان، پێشتر بەڵێنی زۆریان لەبارەی مافەکانی کورد دابو کەچی هێشتا چوار مانگ بەسەر تەمەنی حوکمڕانیان ڕەت نەبو بو پەردەیان لەسەر سیاسەتی شۆڤێنیانەی خۆیان لەئاست مافەکانی کورد هەڵدایەوە و لە بەیانێکدا لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ جەنگیان دژی شۆڕشی کورد ڕاگەیاند و کەوتنە دەستگیرکردنی چالاکوانە سیاسیەکانی کورد، کە هەندێکیان بە مەبەستی دانوستان هاتبونە بەغدا و هێشتا نەگەڕابونەوە ناو شۆڕش (بارزانی-ا، ٢٠٢٠، ١١٣-١١٤).

نەوشیروان، کە ئەو کاتە لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوە، لەترسی ئەو ڕەشبگیریە لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران بەنهێنی لە ڕێگای هەولێر- دەشتی کۆیە خۆی دەگەیەنێتە ئەشکەوتی مالومە (دۆڵی جافایەتی)، کە ئەوکاتە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و لقی ٤ی یەکێتی قوتابیان بوە (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٢١٠). پاشان دەچێتەوە شاری سلێمانی، بەڵام ئەو ماوەیە بە هۆی تیرۆر و توندوتیژی لیوا زەعیم صدیق مستەفا (بەرپرسی لیوای ٢٠ی لەشکری عێراق)، ناچار بوە خۆی بشارێتەوە و دەستبکات بە خەباتی ژێر زەمینی (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٢٢١).

پاشان، لە ١٠-١٣ی شوباتی ١٩٦٤ یەکێتی قوتابیانی کوردستان کۆنفرانسێک لە ئەشکەوتی مالومە (گوندی جوخماخی دۆڵی جافایەتی) دەبەستێت، کە بە گوتەی بەشداربوێک (نەوشیروان) کۆنگرەکەی بەڕێوەبردوە و بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان هەڵبژێردراوەتەوە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٣٦ و ٥٦). بەڵام کارەکانی ئەو کۆنگرەیە هاوزەمان بو لەگەڵ تەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دابەشبونی حیزبەکە بۆ دو باڵ، ئاراستەیەکیان مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) سەرکردایەتیان دەکات و بە (مەلایی) دەناسرێن، باڵەکەی دیکەیان برایم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) سەرکردایەتیان دەکات، بە باڵی مەکتەبی سیاسی یاخود جەلالی دەناسرێن، کە ئەم ناکۆکییە شەڕی ناوخۆی لێ کەوتۆتەوە و هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوە (مام خول، ٢٠١٣، ١٤٨-١٥٧).

لە کۆتایی ئەو باسەدا دەکرێ بڵێین، بە هۆی پاڵنەری ژینگەی خێزانیی و شاری سلێمانی بەگشتی و گەڕەکی سەرشەقام بەتایبەت، یارمەتیدەر بون بۆ ئەوەی نەوشیروان لە هەرەتی لاوێتیدا ئاراستەیەکی نەتەوەییانە بگرێتە بەر و لەناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بە چالاکی سیاسی بکات، بەزویش بەرەو پلەکانی سەرەوەی لێپرسراوێتی هەنگاوی ناوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ماندونەناسی و شەونخونی نەوشیروان گەڕاوەتەوە، کە خۆی بۆ ڕێکخراوەکە تەرخان کردوە، هەم لە سلێمانی و هەمیش کاتێک خوێندکاری زانکۆ بوە لە شاری بەغدا، زۆرترین کاتەکانی خۆی بۆ بەرەوپێش بردنی ڕێکخراوەکە تەرخان کردوە.

**باسی دوەم: هەڵوێستی (نەوشیروان) لە ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی نێوان باڵی جەلالی و مەلایی (١٩٦٤-١٩٧٠):**

وەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا کاتێک لە شوباتی ١٩٦٤ ناکۆکییە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتیی کوردستان دەتەقنەوە؛ یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە گوندی (جوخماخ)ی دۆڵی جافایەتی سەرقاڵی بەستنی کۆنفرانسی تایبەت بە ڕێکخراوەکەیان بون، سەرانی کۆنفرانس -کە نەوشیروان لە قسەڕۆشتوەکانیان بوە- گفتوگۆیان لەبارەی بەیانی ١٠ی شوباتی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد، کە ڕێکەوتننامەی (موشیر – بارزانی)یشیان پێدەگوت کردوە و بە خراپ ناوزەدیان کردوە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٥٤). ئەمەش واتای دانەپاڵ مەکتەبی سیاسی و دژایەتی سەرۆکی حیزب (مەلا مستەفا بارزانی) دەگەیاند. بەوپێیەی سەرانی مەکتەبی سیاسی بەهۆی ئەو ڕێکەوتننامەیەوە ڕەخنەی توندیان لە بارزانی گرتوە و بە خۆبەدەستەوەدان بەرامبەر بەغدا ناوزەدیان کردوە (بڕوانە: ماکداوڵ، ٢٠١٩، ٤٩٦؛ ئینتیسار، ٢٠٠٣، ٩٣-٩٤).

پاشان لە ٤-٩ی نیسانی ١٩٦٤ مەکتەبی سیاسی پارتی کۆنفرانسێکی لەناکاو لە شارۆچکەی ماوەت دەبەستێت، لە کۆنفرانسەکەدا سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی بەیانی (ئایا ڕێککەوتنی عارف – بارزانی پەیمانی ئاشتییە، یان تەسلیم بونە؟) دەنوسن، کە تێدا بارزانی بە سازشکار و گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بۆسەر شۆڕشی کورد ناوزەد دەکەن (کوچێرا، ٢٠٠٤، ٣٢١). نەوشیروانیش یەکێک بوە لەو کادیرانەی وەکو نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەکەدا کردوە (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٧٧)، وا دیارە لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک کەس ڕەخنەیان لە بەیانەکە گرتوە و بە توند هەڵیانسەنگاندوە، گوایە سەردەکێشێت بۆ کاردانەوەی توندتری بارزانی و پاشان کەوتنەوەی شەڕی براکوژی! (نەوشیروان) یەکێک بوە لەو دەنگە نارازیانە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتی بڵاوکردنەوەی بەیانەکە

ڕادەگرن، بەڵام بەگشتی وەکو پێویست لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان سەرکەوتو نابن (لیژنەیەک ڕۆژنامەنوس، ٢٠٠٩، ٥). دواتر مەکتەبی سیاسی بەیاننامەکەی لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٤ بڵاو کردۆتەوە و (بارزانی)یان لە دەسەڵاتەکانی داماڵیەوە! وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی، (مەلا مستەفا) چەند هەنگاوێکی پەیڕەوکردوە، سەرەتا لە تەموزی ١٩٦٤ لە قەڵادزە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی بەست و دەنگە نارازییەکانی لە پارتی دەرکرد و بەکەسانی گوێڕایەڵی خۆی شوێنەکانیانی پڕکردنەوە، دوای کۆنگرەکەش باڵی سەرکردایەتی پارتی بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی لەهەمو لایەکەوە هێزی شەڕکەری بە سەرکردایەتی لوقمانی کوڕی (١٩٣٥-١٩٨٣) کۆکردەوە بۆ هێرشکردنە سەر نارەزاییەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەوانیش ناچار بەرەو هەمەدان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەڵاتن (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٧٣-٨٧)؛ (بارزانی-ا، ٢٠٢٠، ١٧٠-١٨٦).

جێگەی باسە، (نەوشیروان) یەکێک نەبوە لە ڕاکردوەکانی هەمەدان، بەڵکو لە سلێمانی ماوەتەوە، تەنانەت ٨ی ئابی ١٩٦٤ لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەیانێکی دەرکردوە، کە (نەوشیروان) دەقەکەی نوسیوە. تیایدا هێرشیکردۆتە سەر بارزانی و لایەنگیری لە مەکتەبی سیاسی کردوە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٥٥). پێمانوایە پشتگیریکردنی مەکتەبی سیاسی لەو دۆخە شکستەبارەدا، جگە لە بەباوەڕبون (مەبەدئیبون)ی نەوشیروان لێکدانەوەی دیکە هەڵناگرێت! چونکە ئەم بەیانە لە دۆخێکدا نوسراوە، کە بەشێکی پێشمەرگە و فەرماندە سەربازی و سیاسییەکانی مەکتەبی سیاسی لە ئێران پەنابەربون، یانیش لە نێو شارەکانی باشوری کوردستان ناچاربون لە ترسی لایەنگرانی بارزانی خۆیان بشارنەوە، هەروەک چۆن هێندە نابات، (نەوشیروان)یش ناچاربوە لە ماڵی جەلالی حاجی حسنی هاوڕێی خۆی بشارێتەوە (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٢٢١).

پێمانوایە چەندین فاکتەر لەپشت ئەو بڕیارەی ناوبراوەوە بون؛ لەلایەک قورسایی لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی کادرانی پارێزگای سلێمانی بون، دەبینین لە سەرەتای کێشەکەوە زۆرینەی ئەندامانی لقی ٤ی یەکێتی قوتابیان لە سلێمانی دەدەنە پاڵ مەکتەبی سیاسی، نەوشیروانیش یەکێک بوە  لەو کەسانە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٥٥). بێگومان هاوڕێیەتیش کاریگەری لەسەر بڕیارەکەی (نەوشیروان) هەبوە، ناوبراو تەواوی دۆست و هاوڕێکانی لە مەکتەبی سیاسی پارتی بون، هەربۆیە کاتێک تەموزی ١٩٦٣ لە بەغداوە ڕایکردۆتەوە کوردستان، لە ئەشکەوتی مالومە (بارەگای مەکتەبی سیاسی) خۆی پەناداوە و پێشتریش دۆستایەتی و ناسیاوێتی لەگەڵ مام جەلال و برایم ئەحمەددا هەبوە (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٤١ و ٢١٠). بێگومان جیاوازی فیکریش کاریگەری خۆی هەبوە، لەدیدی (نەوشیروان) و بەشێکی گەنجەکانی ناو پارتی، مەکتەبی سیاسی نوێنەرایەتی ئاراستەی پێشکەوتوخوازی و بارزانیش نوێنەرایەتی بیری خێڵەکی و عەشایەری دەکات، لە دیدی ئەوان نابێت ڕێگە بدرێت جڵەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکەوێتە دەستی ئاغا و دەرەبەگەکان، چونکە ئەو چینە بەرژەوەندی خۆیان لەسەروی بەرژەوەندی گەل و نیشتیمانەوە دەبینن (گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (٥)، ٢٢-٦-١٩٦٩، ٣)؛ (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ١١؛ حبیب، ٢٠١٣، ٣٥٨). ئەوەشمان بیر نەچێت سروشتی کەسایەتی نەوشیروان و مەلا مستەفا تەواو  لەیەکدی جودا بون، (نەوشیروان) ڕەخنەگر و سەرکێش بو تەنانەت لە ڕەخنەگرتن لە مام جەلال و برایم ئەحمەدی ڕێبەرانی مەکتەبی سیاسیش نەدەپونگایەوە (مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، ٤٠٨)؛ ( کەریم، ٢٠١١، ٣١-٣٢)، کەچی وەکو خۆی ئاماژەی بۆ دەکات: تێڕوانینی بارزانی بۆ حیزب وەکو تێڕوانینی بۆ عەشیرەت وا بو دەبو ئەندامانی حیزبیش هاوشێوەی ئەندامانی خێڵ گوێڕایەڵی بێ چەندوچونی سەرۆکی حیزب بن (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٦٥)، بێگومان ئەو دو ئاراستەیەش هەرگیز بەیەکەوە نەدەگونجان. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازیانە، چونی (نەوشیروان) بۆ پاڵ مەکتەبی سیاسی بە شتێکی چاوەڕوانکراو و سروشتی دێتە بەرچاوان.

شیاوی ئاماژە پێدانە، (نەوشیروان) ڕەخنەی لە مەکتەبی سیاسی گرتوە، کە لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ توانا و پشتیوانی خۆیان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە کردوە و توانای (مەلا مستەفا)یان بە کەم گرتوە، بۆیە بەرامبەر مەلا

مستەفا پاشەکشەیان نەکردوە (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٧٧-٧٨). وا دیارە (نەوشیروان) خۆیشی یەکێک بوە لەوانەی بەهەڵەدا چوە و زێدەڕەوی لە هەڵسەنگاندن بۆ مەکتەبی سیاسی کردوە، لەم بارەیەوە ئازاد خۆشناو دەگێڕێتەوە:" ساڵی ١٩٦٣-ڕەنگە خۆشناو ساڵی ڕوداوەکەی تەواو بیر نەمابێ، چونکە ساڵی ١٩٦٣ نە ناکۆکییەکان هێندە ئاشکرا و زەق بون، نە (نەوشیروان)ش لە وەرزی خوێندندا لە سلێمانی بوە، بۆیە ڕەنگە ساڵی ١٩٦٤ بێت-، کاتێک خوێندکاری ناوەندی بوم، شەوێک کۆبانکردینەوە، گوتیان بەرپرسێک لەوانەی سەرەوە دێت قسەتان بۆ دەکات...، دواتر (نەوشیروان) هات قسەی بۆکردین و گوتی: ئێمە لە بارزانی جیادەبینەوە...، پرسیارم لێکرد، لە کاتی جیابونەوە هێزی چەکدار لەگەڵ ئێمەیە یان لەگەڵ مەلا مستەفا دایە؟ وەڵامی داوە: ٩٧٪ لەگەڵ ئێمەیە!..."(خۆشناو ٢٥-١١-٢٠٢٤). پێمان وایە هۆکاری ئەو بەهەڵە خەمڵاندنەی (نەوشیروان) و سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی بۆ کەمئەزمونی سیاسی خۆیان لەلایەک و ئەزمونداری و لێهاتویی ڕکابەرەکەیان (مەلا مستەفا) لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە.

وەکو ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ تەشەنەکردنی ناکۆکی و ململانێکان، لە سلێمانی دۆخێک دێتە پێشەوە ئیدی کادر و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی هەست بە ئاسایش و پارێزراوی ناکەن، بۆیە زۆرێکیان بە (نەوشیروان)یشەوە ناچاردەبن خۆیان بشارنەوە (ئەمین-ا، ١٩٩٧، ٢٢١). لەو سۆنگەیەوە ناوبراو کە لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان بوە، ناچاربوە دەستەیەکی نوێ لە هاوڕێ و نزیکەکانی کە پێکهات بون لە: محەمەد سابیر، شازاد سائیب، جەمیل ڕەنجبەر بەوەکالەت بۆ سکرتاریەت هەڵبژێرێت و خۆشی لە هەڵسوڕاندنی کارەکانی سکرتاریەتدا هاوکاریان بکات (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٥٧ و ٣٩٤).

هەرچۆنێک بێت هێندە نابات (نەوشیروان) بۆ خوێندن ڕو دەکاتەوە بەغدا، بەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر لە ململانێ و شەڕی ناوخۆیی نێو باڵەکانی پارتی دور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەیلولی ١٩٦٥ دۆسیە سیاسییە کۆنەکانی بۆ نوێ دەکرێتەوە و بەهۆیەوە بۆ ماوەی دو مانگ لە زیندانی ئاسایش دەمێنێتەوە، هەتا لە کۆتایی مانگی تشرینی دوەمی ١٩٦٥ بەر لێبوردنی عەبدولڕەحمان بەزاز (یەکەم سەرۆک وەزیرانی مەدەنی عێراق) دەکەوێت و ئازاد دەکرێت (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٩٠-٩١). ئەگەرچی دواتر بۆتە بەشێک لە ململانێی نێوان خوێندکارە جەلالی و مەلاییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا (تەیفور، ١٧-٨-٢٠٢٢، بەرنامەی پەنجەمۆر)، بەڵام پێناچیت ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕوداوەکاندا هەبو بێت، بەو پێیەی نە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، نە لە بیرەوەری دۆست و دژەکانیدا شتێکی ئەوتۆ لەم ڕوەوە بەرچاو ناکەوێت.

دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی لە ئەیلولی ١٩٦٧، وەکو ڕاوێژکار لە نوێنەرایەتی عێراق لە تاران دامەزراوە، بەڵام زیاتر حەزی لە کاری حیزبی کردوە، بۆیە دوای چەند مانگێکی کەم وازی لەکارەکەی هێناوە (نەوزاد، ٢٠٠٠، ٤). ئارەزوی (نەوشیروان) بۆ سیاسەت و هەوڵدان و شەونخونی ناوبراو بونەتە هۆکاری ئەوەی بەخێرایی لەناو حیزبدا پلەی بەرزبێتەوە، بۆیە هەر لەو ساڵەدا بۆتە ئەندامی لقی سلێمانی پارتی - باڵی جەلالی (مولود، ٢٠٢٠، ١٠)، پاشان بۆتە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکە (مەلا بەختیار، ٢٠١٢، ٨١)؛ (مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، ٣٣٣)، وا دیارە جگە لە لێهاتویی خۆی، پشتگیری مام جەلالیش ڕۆڵی لە بەرزبونەوەی پلەی حیزبی (نەوشیروان)دا گێڕاوە، ئەوەش هەر لە خۆوە نەبوە، بەڵکو مام جەلال بە تواناکانی ناوبراو سەرسام بوە و بەکارەکانی سەرنجی مام جەلالی ڕاکێشاوە، تاڵەبانی خۆشی دانی بە لێهاتویی (نەوشیروان) ناوە (ڕەشید – ا، ٢٠١٩، ٣٣٥ و ٤٢١).

جێگەی باسە، دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە تەموزی ١٩٦٨ بۆجاری دوەم، لە سەرەتاوە هەوڵیانداوە زیاتر سود لە ناکۆکی نێوان باڵی جەلالی و مەلایی وەربگرن، بۆیە کەوتونەتە کۆمەکی باڵی مەکتەبی سیاسی دژی بارزانی، لەبەرامبەردا ئەوەی دوەمیان بە فراوانی کەوتۆتە هاوکاری و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ ئێران، بەمجۆرە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا شەڕی ناوخۆی سەختی خوێناوی بەسپۆنسەری ئێران و عێراق لە باشوری کوردستاندا بەردەوام بوە (ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٣٧٤-٣٨٨).

سەبارەت بە ڕۆڵی (نەوشیروان) لەو شەڕە خوێناویەدا، گرنگە سەرەتا ئاماژە بە گێڕانەوەی خۆی بدەین، ناوبراو دەنوسێت:" ئێمە ئەوانەی لە گۆڤاری ڕزگاری{٥} کۆ ببوینەوە، کەسمان کادری پیشەیی و موچەخۆری مەکتەبی سیاسی نەبوین، نە بۆ ژیانی خۆمان و نە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕزگاری یارمەتی ماددیان نە دەدایین، بۆ ژیانی خۆمان و گۆڤارەکەش پشتمان بە خۆمان بەستبو...، چاپخانەی ژینی یادگاری پیرەمێردمان بەهەمو کەرستە کۆنەکانییەوە کڕیەوە، لە بەغداش نوێترین ئامێری ئینتەر تایپمان بۆ نوسین کڕی، پارەی کڕینی هەمو ئەوانە خۆمان پەیدامان کرد، مەکتەبی سیاسی فلسێکی نەدا، بەڵام چونکە زۆر متمانەیان بە ئێمە نەبو موڵکایەتی فەرمی چاپخانەکەیان کرد بەناوی عومەر دەبابەوە...، ئێمە ئەوانە بوین لە سیاسەتی سەرکردایەتی حیزب ڕازی نەبوین، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە شەڕکردن لەگەڵ بارزانی و هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەت، هەروەها زۆری سەرکردەکانیمان بەدڵ نەبو بە ڕێگای ئسوڵی هەوڵی گۆڕانکاریمان لە ناو حیزبەکەدا دەدا..."(بڕوانە: ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٩٧-٩٨).

وا دیارە، ئەوەی (نەوشیروان) باسی دەکات بەشێکی ڕاستی تێدایە، لەلایەک کەسانی دیکەش کە لە ناو ڕوداوەکان بون، گەواهی ئەوە دەدەن کە (نەوشیروان) و دەستەکەی ڕەخنەیان لە دەست تێکهەڵکردنی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ حکومەت و شەڕکردن لە دژی بارزانی گرتوە، لەم بارەوە مەحمودی مەلا عزەت دەڵێت: ئێمە دژی بارزانی بوین، بەڵام شەڕکردن دژی بارزانیمان بە پەسند نەدەزانی، چونکە پێمان وابو شەڕێکی نابەرامبەرە، باشترە ڕێگە بدەین بارزانی بە هەڵەکانییەوە لاواز ببێت (مەلاعزەت، ٢٠٠٠، ٨٥). لەم ڕووەوە مەلا بەختیاریش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: (نەوشیروان) ساڵی ١٩٦٩ پێی وابو شەڕی جەلالی و مەلایی بێ هودەیە، بۆیە کاری بۆ [کۆتایی پێ هێنانی] دەکرد ( بازگر و هەڵەدنی، ٢٠٢٤، ٣٢).

سەبارەت بە خەرجی گۆڤاری ڕزگارییش، سەرچاوەی باوەڕپێکراوی دیکە هەیە، ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کە ئەو گەنجانە بەشێکی زۆری خەرجی گۆڤارەکەیان دابینکردوە، لەم ڕووەوە ڕەفعەتی مەلا دەڵێت: هەندێک پارەمان لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی کۆکردەوە، من و شازاد چوینە بەغدا و ئامێرێکی ئینتەر تایپمان کڕی و هێنامانەوە سلێمانی (مەلا، ٢٠٠٨، ٢٢). هەروەها توێژەرێک (سالار حەمەسەعید کارێزی) دەڵێت: مستەفا ئەمینی مەلا خدر (باوکی نەوشیروان) دەستەیەک لە خانوەکانی گەڕەکی سەرشەقامی فرۆشتوە، بە پارەکەی هەم چاپخانەکەی ژین و تەلەفۆنەکەی کڕدراون، هەمیش بە کەموکوڕییەوە کاروباری گۆڤارەکەی پێ بەڕێوەبردراوە (کارێزی، ٢٠١٨، ٩). نەجیبەخان (خوشکی (نەوشیروان)) ئەو گوتانەی کارێزی پشت ڕاست دەکاتەوە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات، لە بنەڕەتدا مستەفا ئەمین ئەو خانوانەی بە نیازی ژنهێنانی (نەوشیروان) فرۆشتوە، کەچی ناوبراو لەبری ئەوەی ژن بهێنێت، لە گۆڤاری ڕزگاری خەرجیکردوە (بە وەرگرتن لە: ئەمین، دەستنوسی بڵاونەکراوە، ٦) سەرباری هەمو ئەوانەش دەرچونی گۆڤارەکە بە پچڕپچڕی (کە تەنیا ١٥ ژمارەی لە ماوەی یەک ساڵدا لێ دەرچوە، بەگوێرەی ئەوەی گۆڤارێکی هەفتانە بوە، دەبو لەو ماوەیەدا نزیکەی ٥٠ ژمارەی لێ دەربچێت)، گوزارشت لە سەختی ڕەوشی ئابوری بەرپرسانی گۆڤارەکە دەکات.

سەبارەت بە ڕۆڵی نەوشیروان لە دابینکردنی توانای دارایی بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤاری ڕزگاری و کڕینی دەزگای چاپ، بەڵام گێڕانەوەی ناوبراو تەواوی ڕاستییە مێژوییەکان لەخۆ ناگرێ و گومان و پرسیاری زۆری جێهێشتتوە. لەلایەک وەکو سەعد عەبدوڵا گوتەنی: ئەگەر خۆتان دەزگای چاپتان کڕی بو چۆن ڕازی بون خاوەنداریەتییەکەی بەناوی عومەر دەبابەوە بکرێت (١٩٩٨، ٦٧)!؟. واتە ئەو دەربڕینەی (نەوشیروان) هێمایە کە مەکتەبی سیاسی بەلای کەمی چاپخانەکەی بۆ کڕیون، نەک وەک ئەوەی ناوبراو دەڵێت: یەک فلسی بۆ نەدابن! بە گوتەی مەحمودی مەلا عیزەت کە یەکێک بوە لە ئەندامانی خێزانی گۆڤاری ڕزگاری لقی سلێمانی پارتی چاپخانەکەی ژینی کڕیوە (٢٠٠٠، ٢٤٦). جگە لەوەش ڕاستە ئەوان ڕەخنەیان لە نزیکایەتی لەگەڵ حکومەت و شەڕکردنی بارزانی گرتوە، بەڵام زۆریش لە

داواکەیان سورنەبون، ئەوەتا لە کۆنگرەی کەلار (ئاداری ١٩٦٧) دەستەکەی (نەوشیروان) بەیانێکی نارەزایی دەنوسن، کە یەکێک لەخاڵەکانی کۆتایی هێنانی شەڕی بارزانی بوە، کەچی کاتێک مام جەلال لەگەڵیان دادەنیشێ و بەڵێنی گۆڕینی چەند بەرپرسێکی حیزبیان پێ دەدا، ئەوان بەیانەکەیان بڵاوناکەنەوە و شەڕی ناوخۆش چەندین ساڵ دواتر بەردەوام بوە (مەلا، ٢٠٠٨، ٢١). سەرباری ئەوانەش کاتێک ناوبراو دەنوسێت: کەسمان کادری پیشەیی و موچەخۆری مەکتەبی سیاسی نەبوین، ئەو گوتەیە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە وەکو پێشتر گوتمان ناوبراو ئەندامی لقی سلێمانی پارتی و بەگوتەی سەرچاوەیەک (نەجمەدین، ٢٠٢١، ٤٧-٤٨) لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی حیزبەکەش بوە، ئیدی کادری پیشەیی واتای چی؟ ئەمە لەکاتێکدا ئەوسا موچەی کادرێکی پیشەیی پارتی - مەکتەبی سیاسی (٧ دینار) بوە (جەلال، ٢٠٢١، ٨٥)، بێگومان دەبێت موچەی بەرپرسێکی باڵای حیزبەکە زێدەتر بو بێت.

لەکاتێکدا (نەوشیروان) بانگەشەی نارازیبونی خۆی لە (دەست تێکەڵکردن لەگەڵ حکومەت و شەڕی براکوژی) دەکات، کەچی تاکە وتارێکیشی بەم ئاراستەیەدا نەنوسیوە (مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، ٣٣٦). بەپێچەوانەوە گۆڤاری ڕزگاری تەژیە لە وتاری دژە بارزانی و قسە پێگوتنی (بۆ نمونە بڕوانە: ژمارە ١، ٢٠-٤-١٩٦٩، ١١؛ ژمارە٣، ٤-٥-١٩٦٩، ٣٨؛ ژمارە ٤، ١٨-٥-١٩٦٩، ٣-٧)، هەروەها چەندین وتاری دور و درێژ لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا بۆ ڕەوایەتیدان بە شەڕکردن دژی بارزانی بەدیدەکرێن (بۆ نمونە بڕوانە: ژمارە ١، ٢٠-٤-١٩٦٩، ٢٩-٣٠؛ ژمارە ٢، ٢٧-٤-١٩٦٩، ٢٦-٢٧؛ بەریڤانی، ٢٧-٧-١٩٦٩، ٣-٧). هەروەها (نەوشیروان) بە بارزانی وازی نەهێناوە، بە وتارێکی دو ئەڵقەیی، هەجوی شاعیری میللی هەژار موکریانی (١٩١٩-١٩٩١)شیکردوە (مامە پیرە، ٢٧-٤-١٩٦٩٤٧، ٥٠-؛ مامە پیرە، ٤-٥-١٩٦٩، ٤٦-٥٠). تەنانەت بەگوتەی ژێدەرێک (حەسەن، ٢٠٠١، ٨) هانی حیزبی شیوعی داوە سەنگەری مەلایی جێ بهێڵن و سەنگەری بەعس هەڵبژێرن. زۆربەی ئەو وتارانە کە بێ ناوی نوسەر یان ناوی خوازراوەوە دژی بارزانی و دەستوپێوەندەکانی نوسراون، بەگوێرەی توێژینەوەیەک (حەمەدەمین، ٢٠٢٠، ١٦، ٢٢، ٣٠، ٣٦) نەوشیروان نوسیونی. کەواتە دەکرێ بگوترێ لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا بە قسە دژی شەڕی ناوخۆ بوە، بەڵام بە کردار بەشدارێکی کارای شەڕەکە بوە!

پێویستە ئەوەش بڵێین، لە کاتێکدا گۆڤاری ڕزگاری لە دەستپێکی یەکەم ژمارەیدا، خۆی وەکو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی جەلالی) ناساندوە، بەکردەوەش گۆڤارەکە وەکو سەکۆیەک بۆ گەیاندنی پەیامەکانی حیزبەکە و دژایەتی نەیارانی بەکارهێنراوە، ئیدی بەخوێندەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە خوێنەر ئەو هەستەی لا دروست نابێ، کە نوسەرانی گوڤارەکە لە سیاسەت و ئاراستەی ئیشکردنی حیزبەکەیان نارازی بوبن. بۆیە ئەو بۆچونەی حاجی مەمۆ (٢٠١٣، ٢٣٨-٢٣٩) و پشکۆ نەجمەدین (٢٠٢١، ٤٧-٤٨) بەدروست دەزانین، کە پێیانوایە (نەوشیروان) هەوڵیداوە خۆی لە میرات و مێژوی جەلالی بێ بەری بکات، یان بەلایەنی کەم ڕۆڵی خۆی بچوک بکاتەوە. ئەگەرنا شەمەندەفەری بیرەوەرییەکانی لە بری "لە کەناری دانوبەوە..." دەبو لە بەکرەجۆوە (بارەگای مەکتەبی سیاسی) دەستپێبکات. جێگەی باسە، بە گوتەی عەبدوڵا زەنگەنە (نەوشیروان) زۆر پەرۆشی ناوەڕۆکی گۆڤاری ڕزگاری و چاپکردنەوەشی نەبوە (زەنگەنە، ٢٠٢٢، ١١٥).

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی دۆخەکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوە لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان جەلایی و مەلایی (١٩٦٦-١٩٧٠) خەڵکی باشوری کوردستان زیاتر هاوسۆزی بارزانی بون، بەپێچەوانەوە بەهۆی هاوکاریان لەگەڵ ڕژێمی بەعس بەچاوی کەم سەیری سەرانی جەلالییان کردوە (ڕەفیق، ٢٠١٧، ٥٣؛ گوندی، ١٩٩٠، ٦٥)، دواتریش کە بەم شێوە خەماویە کۆتایی بەچالاکیە سیاسییەکانیان هاتوە -لە چەند لاپەڕەی داهاتو باسی دەکەین-، ئەمە وا دەکات کەس خۆی نەکاتە خاوەنی خەباتی سیاسی جەلالی!

سەبارەت بە ناکۆکی توندی نێوان (نەوشیروان) و بنەماڵەی بارزانی، جگە لە جیاوازی فیکر و ئاراستەی سیاسییان، بە پێی ژێدەرێک (عەبدولرەزاق شەریف) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵیان لەو ناکۆکییەدا هەبوە، بەوپێیەی شەفیقەی خوشکی (نەوشیروان) لە ناوەڕاستی شەستەکان هاوسەرگیری لەگەڵ خورشید بارزانیدا کردوە، بەجۆرێک ئەو هاوسەرگیرییە لەبری لەیەک نزیکخستنەوە، ئەو دو ماڵباتەی لەیەکتر دور خستۆتەوە (شەریف، ٨-٧-٢٠٢٥)!

لێرەدا پێویستە بەر لەهەر تێچێنێک، لەمەڕ خورشید بارزانی (خورشید، کوڕی مەریم خانی خوشکی شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان بوە و ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەزاران بارزانیدا لەلایەن بەعسەوە بێسەروشوێن کراوە) ئاگاداری ئەو زانیارییە مێژژوییانە بین، بەگوێرەی سەرچاوەکان؛ خورشید زۆر لای شێخ ئەحمەدی خاڵی خۆشەویست و تایبەت بوە، بۆیە شێخ ئەحمەد هەوڵیداوە وەکو شێخی بارزانییەکان بیکاتە جێگرەوەی خۆی، لەم ڕووەوە بەر لە مردنی چەند ئاماژەیەکی ناراستەوخۆی بە جێنشینایەتی خوشکەزاکەی کردوە، بەڵام نەخۆشی و ترسی لە کەوتنەوەی ناکۆکی لەسەر شێخایەتی لەناو بنەماڵەکەی، ڕێگەی نەداوە پلانەکەی تەواو بکات و لە ١١ی کانونی دوەمی ١٩٦٩ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردوە، دوای مردنیشی ناکۆکی لەناو بارزانییەکان لەسەر شێخایەتی سەریهەڵداوە، ئەگەرچی خورشید بە ئاشکرا داوای شێخایەتی نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی شێخانی بارزان خورشیدیان بە مەترسی زانیوە، بۆیە لە گوندی شرێ (باکوری بارزان) دەستبەسەریان کردوە و لە شوێنکەوتوەکانی دایانبڕیوە (لەبارەی خورشیدییەکان و کێشەی جێنشینی بڕوانە: غەفور، ١٩٩٥، ٦٠-٦٢)؛ (شێروانی، ١٩٩٥، ١٤٣-١٤٥)؛ (ئەسەسەرد، ٢٠١١، ٢٩٦-٣١٧). پێمانوایە بۆچونەکەی ڕەزاق شەریف لە جێگەی خۆیدا نییە، بەو پێیەی ناوبراو پاسا و ڕونکردنەوەی پێویست بۆ بەهێزکردنی بۆچونەکەی بەدەستەوەنەداوە، ئەوەمان بیرنەچێت هەر لە ساڵی ١٩٦٤ەوە (نەوشیروان) نەیاری خۆی بۆ بارزانی و سیاسەتەکانی ڕاگەیاندوە، کە ئەوکاتە کێشەی خورشیدییەکان لە گۆڕێدا نەبوە! ئەو هاوسەرگیریەش بە زۆر نەبوە و، خانەوادەی نەوشیروان کاتی خوازبێنی بەو هاوسەرگیرییە ڕازی بون.

بەهەرحاڵ، لە دیدی مەلا مستەفا و کوڕەکانی، (نەوشیروان) دوژمنێکی سەرسەختیان بوە، بۆیە لە کۆتایی شەستەکان هەوڵیانداوە سنورێکی بۆ دابنێن، تەنانەت هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بە چەند هەوڵێکی تیرۆرکردنی (نەوشیروان) لەلایەن کەسانی سەر بە (بارزانی)یەوە دەکەن؛ لەم بارەوە مەحمود ڕەزا ئەمین (٢٣-١٢-٢٠٢٠، سایتی ئاوێنە) باس لە چەند هەوڵێکی تیرۆرکردنی (نەوشیروان) دەکات و دەنوسێت:" شەوێکی پایزی ساڵی ١٩٦٨، پارتی لە ڕێگای (ع.ح.ع.ش)ەوە ڕومانەیەکی دەستی هاوێشتۆتە حەوشەی ماڵی باوکی کاک نەوشیروان، لە گەڕەکی سەرشەقام...". هەروەها ئازاد خۆشناو باس لە هەوڵێکی دیکەی تیرۆرکردنی (نەوشیروان) دەکات، بە گوتەی خۆشناو لە لایەن بارەگای بارزانییەوە یەکێک لە پیاوکوژەکانی ئەو کاتەی سلێمانی بە ناوی (ی.ل) بۆ کوشتنی نەوشیروان ڕاسپێردراوە...، بەڵام لە هەوڵەکەی سەرکەوتو نەبوە. خۆشناو ئاماژە بەوە دەکات ساڵی ١٩٧١ ئەو کەسەی ڕاسپێردراوە بۆ تیرۆرکردنەکە، خۆی بەسەرهاتەکەی بۆ (نەوشیروان) گێڕاوەتەوە (خۆشناو، ٢٥-١١-٢٠٢٤). محەمەد سابیریش باس لە هەوڵێکی کوشتنی (نەوشیروان) لەلایەن دەست و پێوەندەکانی بارزانی دەکات، بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ١٣). لەم بارەوە مەحمودی مەلا عیزەتیش ئاماژە بە هێرشکردنە سەر گۆڤاری ڕزگاری بە نارنجۆک لەلایەن تاقمەکانی بارزانییەوە دەکات (مەلاعزەت، ٢٠٠٠، ١٥٧). (نەوشیروان) خۆشی لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە: ساڵی ١٩٧١ لە دانیشتنێکدا ئیدریس بارزانی پێی گوتم: ئای چەند هەوڵماندا ئیعدام بکرێی، بەڵام بەردەست نەبوی! (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٤). پێ ناچێت هەمو ئەو گێڕانەوانە بێ بنەما و هەڵبەستراو بن، بەتایبەت ئەگەر هۆشیاری ئەوەمان هەبێت، کە تیرۆرکردن یەکێک بوە لە ئامرازەکانی ڕکابەری سیاسی لای بارزانی (لەم بارەوە بڕوانە: ئەمین-ب، ١٩٩٧، ٨٥-٨٧)؛ (گوندی، ١٩٩٠، ٥٦-٦٠)؛ (مەحوٚ، ٢٠٢٠، ٧-١٠).

دوای چەندین ساڵ شەڕی براکوژی و کەوتنەوەی زیانێکی گەورەی ماددی و گیانی بەهۆی شەڕی نێوان جەلالیی و مەلایی، دواجار لەئەنجامی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کۆتایی بەو قۆناغە دێت. دوای ئەوەی سەددام حسێن ١٩٣٧-٢٠٠٦ (ئەو کات جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرکردایەتی شۆڕش بوە) تێدەگات هێزی ڕاستەقینەی کورد لەگەڵ بارزانیدایە، بە نهێنی لەگەڵ مەلا مستەفا دەکەوێتە گفتوگۆ و بێ ئاگاداری سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی لەگەڵی ڕێکدەکەوێت، کە یەکێک لەو شتانەی لەسەری کۆک دەبن، کۆتایی هێنانی مەکتەب سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالی) بوە، بەمەش دەکرێ بڵێین؛ بەیانی ئازار کە بۆ کورد دەسکەوت و بەڵگەنامەیەکی مێژویی بوە، بەڵام بۆ سەران و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی تێکشکانێکی کەمەرشکێنی سیاسی و مەعنەوی بوە، تەنانەت وەکو غەدرێک بۆ ئەوان دەهاتە بەرچاوان (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٠). نەوەک هەر لەڕوی سیاسییەوە بەڵکو لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە لایەنگارانی مەکتەبی سیاسی دوچاری دۆخێکی دژوار و نەخوازراو بون، لەم بارەوە فەرەیدون عەبدولقادر دەگێڕیتەوە: دوای بەیانی ئاداری ١٩٧٠ دەسەڵاتی شارەکان کەوتە دەستی لایەنگرانی بارزانی، لە سلێمانی دۆخێکی وا هاتە پێشەوە، باوکم کە جەلالی بو چیدیکە نەتوانێ لەوێ بمێنێتەوە (عەبدولقادر، ٢٠٢٠، ١٠٥). محەمەد سابیر، جوانتر دۆخە نوێیەکە بۆ لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی دەخاتەڕو ناوبراو دەڵێت: کە بەیانی ١١ی ئادار دەرچو هەندێک ماڵی گەڕەکەکەمان کە لایەنگر و هاوسۆزی بارزانی بون، هاتنە سەر ماڵەکەمان و بێڕێزیان بە ماڵی ئێمە کرد (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ٩٦). ئیبراهیم جەلالیش، لە گۆشەیەکی دیکەوە گوزارشت لە سامناکی دۆخەکە دەکات، ناوبراو دەنوسێت: دوای پەیمانی ئادار لە ترسی هەڕەشەکانی باندەکانی مەلایی، بەناچاری بە شەو ژنم گواستەوە (جەلال، ٢٠١١، ٣٠)!

ئەگەرچی وەک ژێدەرێک دەڵێت: ئەو ڕەوشە نوێیە بۆ زۆرینەی کادر و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی خەمناک و سامناک و نادیار دەهاتە بەرچاوان(عەبدولقادر، ٢٠٢٠، ١٠٦). بەڵام بۆ (نەوشیروان) خەمبارتر و بەئازارتر بو ئەمەش بۆ ڕوداوێک دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە هەڵدانی نارنجۆکێک لەلان یەکێک لە پاسەوانەکانی گۆڤاری ڕزگاری (بەناوی جەمال ئەحمەد) لە ڕۆژی ١٤ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ (قوتابخانەی ناوەندی کوردستانی کچان)، کە دو خوێندکار بە سوکی بریندار دەبن، بەهۆیەوە پاسەوانەکە (جەمال ئەحمەد) لەبەردەم دەرکی سەرای سلێمانی لە سێدارە دەدرێ و (نەوشیروان) بێ ئامادەبونی خۆی حوکمی (١٠ ساڵ زیندانی) بۆ دەردەچێت (ساڵح، ٢٠٢١، ١١٥-١١٦).

ئەم ڕوداوە تاوەکو ئێستاش ڕای جیاوازی لەسەرە، لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی دەنوسێت:" چەند کەسێکی سەر بە نەوشێروان مستەفا [بارزانی و زۆرێک لەوانەی لەگەڵ (نەوشیروان) ڕێک و تەبانین، لەبری نەوشیروان دەنوسن نەوشێروان، هەندێک کەسیش بێ ئاگایانە بەهەڵە دەینوسن] لە جاشە شەست و شەشەکان لە ١٤ی ئاداری ١٩٧٠دا نارنجۆکێکی دەستیان فڕێدایە قوتابخانەیەکی کچانەوە لە سلێمانی، ئەوەی کارەکەی کرد گیرا و لەدار درا، بەڵام ئەوەی فیتەکەی لە ژێر سەردابو کە نەوشێروان بو توانی هەڵبێت بۆ نەمسا" (بارزانی-ب، ٢٠٢٠، ٥١-٥٢). ژێدەری دیکەش لە نمونەی حەمەسەعید حەسەن (٢٠٠٠، ٦) و سەعد عەبدوڵا (١٩٩٨، ٥٨) پشتگیری لەو گێڕانەوەی بارزانی دەکەن، ئەگەرچی لە وردەکارییەکاندا کەمێک جیاوازن، بۆ نمونە بارزانی دەڵێ دو کچە خوێندکار بەناوی (شنۆ و نەشمیل) بریندار دەبن، کەچی حەمەسەعید دەڵێ پێنج کەس بریندار بون!

شیاوی باسە، (نەوشیروان)، بە توندی ئەو تۆمەتەی ڕەتکردۆتەوە، ناوبراو دەنوسێت: ... ماڵی جەمال بە تەنیشت سانەوی کچانەوە بو بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئەنجامی بەیانی ئادارەوە هاتبونە کایەوە زۆر نارەحەت ئەبێ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەچن بۆ سەرگەرمکردن (مەی خواردنەوە)، کاتێک بەسەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، لە ڕێگا لەبەردەم سانەوی کچان توشی تاقمێک پۆلیس دەبێت، کە بۆ مێبازی وەستاون، ئەوان جەمال ئەناسن، بۆ ئەوەی سوکایەتی پێ بکەن بانگی ئەکەن بێتە پێشەوە، جەمال ئەحمەد دەترسێ ئازاری بدەن، بۆیە نارنجۆکێکیان لێ

ڕادەکێشێت، پۆلیسەکان تێی ئەوڕکێن و نارنجۆکەکەی لێ دەستێنن، بۆئەوەی بەخۆیاندا نەتەقێ هەڵی دەدەنە ئەودیوی حەوشەی سانەوی کچان، بەڵام کەسی نەکوشت و کەسی بریندار نەکرد.... شوکری حەدیسی (پارێزگاری سلێمانی) و پارتی ڕوداوەکەیان خستە ئەستۆی من، شوکری داخی ڕێگری ئێمە بۆ ئەوەی گەنجانی سلێمانی بکات بە بەعسی، پارتیش- باڵی بارزانی گەرەکی بو تۆڵەی وتارەکانی گۆڤاری ڕزگاری لە من بکاتەوە...، من لە ژیانی سیاسی خۆمدا دەیان و سەدان کار و کردەوەم دژی دامودەزگاکانی بەعس و بارزانی کردوە...، لەبەر ئەوە پێویستم بە پاکانە نییە، بەڵام لەدور و نزیکەوە پەیوەندیم بەو کارەوە نەبوە (بڕوانە: ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٤-١٠٦).

لە ڕاستیدا، ئەو گوتانەی (نەوشیروان) بۆ ئێمە زیاتر جێگەی دڵنیایین؛ لەلایەک ڕێبازی نوسینەوەی مێژو لای ناوبراو بەجۆرێکە ئەگەر بیەوێت هەڵە و کەموکڕییەکی خۆی باس نەکات، خۆی لێ لادەدات، نەک ئەوەی بابەتەکە بوروژێنێت، پاشان نکوڵی لە پێگە و ڕۆڵی خۆی لە ڕوداوەکەدا بکات (مولود، ٢٠٠٠، ١٢٧ و ١٣٩)، لەلایەکی دیکەوە چەندین گەواهیدەری نزیک لە ڕوداوەکە لە نمونەی مام جەلال (ڕەشید-ا، ٢٠١٩، ٣٥٦) و مەحمودی مەلا عیززەت (٢٠٠٠، ١٣٩-١٤٠) و محەمەد سابیر (لۆلۆ، ٢٠٢٢، ١٢٠) (نەوشیروان) لەو ڕوداوەدا وەکو بێ تاوان نیشان دەدەن، هاوکات لە ڕوی لۆژیکیشەوە دەبێ (نەوشیروان) چ سودێک لە تەقاندنەوەی سانەوی کچان ببینێ؟ لە کاتێکدا بە گوتەی مەحمودی مەلاعزەت لەو ڕۆژەدا دو خوشکی نەوشیروان (ناجیە وەکو مامۆستا و تاڤگە وەکو قوتابی) لە قوتابخانەکەدا بون! بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو ڕوداوە زیاتر کردەیەکی پیلانگێڕانە دژی نەوشیروان مستەفا بوە.

هەر چۆنێک بێت، (نەوشیروان) تاوانبار بێت یان تەنیا تۆمەتبار، ئەوە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە دوای دەرچونی فەرمانی (١٠ ساڵ زیندانی) بۆ نابراو دوچاری دۆخێکی دژوار و پڕ لە نەهامەتی هاتوە و ناچار بوە سەرەتا لە ناوگردان - شارەزور (لای مامە ڕەزا) و دواتر لە بەغداد خۆی پەنا بدات، بەمەش هەم لە دڵبەر و دڵدارەکەی دابڕاوە، هەمیش وەکو خۆی دەڵێت: لەوساوە تا چەندین ساڵ نەیتوانیوە لە پرسە و شایی هیچکام لە خزم و ناسیاوەکانی (بە پرسەی باوکیشییەوە) بەشداری بکات (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٥)، تەنانەت دوای ئەو ڕوداوە دوچاری دۆخێکی دەرونی خراپ بوە (کەریم، ٢٠١١، ٤١). بەمەش کەلێن و ناکۆکی نێوان (نەوشیروان) و بنەماڵەی مەلا مستەفا زێدەتر بوە، بەجۆرێک کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی سیاسی پاشتری نابراو جێهێشتوە.

ئەگەرچی دواتر مەلا مستەفا بە بڕیاری لێ خۆشبونی بۆ بەرپرس و ئەندامانی پارتی (جەلالی) دەرکردوە (ڕەحمان، ٢٠٢٤، ٢٤٣-٢٤٤)، کە سەریکێشا بۆ یەکگرتنەوەی هەردو حیزبەکە لە شوباتی ١٩٧١ لەژێر سایەی بارزانیدا (بۆ زانیاری زێدەتر بڕوانە: عەبدولا، ٢٠٠٨، ٩٥-١٠٧؛ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٦)، ٢٠-٢-١٩٧٠، ٧)، بەڵام ئەو هەڵوێستە مەزنە خاڵی نەبوە لە مەرج و کردەی ناجۆر و بێزارکەرانە، لەلایەک هەر لەسەرەتاوە کاتێک بارزانی و دەسەڵاتدارانی بەغدا بە نهێنی لە گفتوگۆ دابون، دوای دەرکەوتنی ئەنجامە ئەرێنیەکانی دانوستان، بارزانی و کوڕەکانی (ئیدریس و مەسعود) پێیان وابو وەستانی شەڕ لەگەڵ حکومەت دەرفەتێکی زێڕینە بۆ تێکشکاندن و تەمێکردنی سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، وەک مەسعود بارزانی پێیان دەڵێت" جاش شەست و شەشەکان"، ئەو هەستی لەخۆدەرچون و تۆڵەسەندنەوەیە سەرەڕای تێپەڕبونی پتر لە سی ساڵ (بەوپێیەی بارزانی سەرەتای ساڵانی دو هەزارەکان یاداشتەکانی نوسیوە) بەسەر ڕوداوەکاندا، بەتەواوی بە بیرەوەرییەکانی مەسعود بارزانییەوە دیارە، کاتێک دەنوسێت لە ماوەیەکی کەمدا " ... پتر لە ١٤٠٠ سەر لە جاشگەل بەدیل گیران و ژمارەیەکی زۆریش کوژران و بریندارکران..." (بڕوانە: بارزانی-ب، ٢٠٢٠، ٣٦-٣٨).

بەمجۆرە هەر لە سەرەتاوە گیانی تۆڵەسەندنەوە پێش گیانی لێبوردن و یەکڕیزی نیشتیمانی خراوە. پاشان بارزانی مەرجی ئەوەی بەسەردا سەپاندون کە بۆ ئەوەی بڕیاری لێ خۆشبون بیان گرێتەوە، دەبێت سەرەتا ناوی حیزبەکەیان بگۆڕن، پاشان دوای هەڵوەشاندنەوەی پارتە نوێکەیان [بۆیە مەکتەبی سیاسی ناچار دەبن لە کۆتا

ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرەیەکدا ناوی حیزبەکەیان بگۆڕن بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، پاشان لە شوباتی ١٩٧١ لە کۆنگرەیەکی دیکەدا پارتی شۆڕشگێڕانیش هەڵدەوەشێننەوە] دەتوانن بگەڕێنەوە لای پارتی – باڵی بارزانی (گوندی، ١٩٩٠، ٦٦؛ کەریم، ٢٠١١، ٢٣)، تەنانەت بۆ سوککردنی بڕیاری خۆهەڵوەشاندەوەیان، ڕاگەیاندنی پارتی ناویان لەو یەکگرتنەوەیە نا (ئیستیعاب) و لە زۆربەی شوێنەکانیش ئەندام و بەرپرسانی جەلالی لە پلە و پۆستە حیزبی و حوکمییەکان بێبەشکران (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٤). کە بەپێی ڕێکەوتنەکان دەبو ٣/١ (یەک لەسەر سێ)ی پلە و پۆستە حیزبییەکان بۆ ئەندامانی جەلالی تەرخان بکرێ. تەناتەت بارزانی مەرجی ئەوەی بەسەردا سەپاندن کە دەبێت زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی مەکتەبی سیاسی پێشو بچن لە دەوروبەری بارەگای بارزانی (کە ئەو کاتە لە گوندی دیلمان بوە) لە باڵەکایەتی نیشتەجێ بن (عەبدوڵا، ٢٠٠٨، ١٠٢ و ١٠٦).

لەم سۆنگەیەوە، لەسەر خواستی بارزانی لە شوباتی ١٩٧١ مام جەلال، برایم ئەحمەد، عەلی عەسکەر و عومەر دەبابە، نەوشیروان مستەفا و چەندانی دیکە، چونەتە بارەگای بارزانی، پاشان بەسەر گوند و دێهاتەکانی ناوچەکە دابەشکراون، پتر لە یەک ساڵ لەوێ (لەو شوێنانەی بۆیان دیاریکراوە) ماونەتەوە (ئەمین-ب، ١٩٩٧، ١٠٤)، لەو ماوەیەدا، بە وتەی مام جەلال (ڕەشید-ا، ٢٠١٩، ٣٦٧-٣٦٨): لەژێر چاودێریدا بون و نیمچە دەستبەسەر بون، ئازادی جوڵان و گەڕانیان نەبوە، تەنانەت خەڵکی بە ئازادی نەیان توانیوە بیان بینن، لەو ماوەیەدا بێ ئیش و کار لەوێ ماونەتەوە، تەنانەت بە وتەی مەلا بەختیار:" دوای یەکگرتنەوەیان ئەگەرچی برایم ئەحمەد لە ژێر سایەی بارزانی هەتا ساڵی ١٩٧٥ ماوەتەوە، کەچی تەنیا جارێک بارزانی سەری لێ نەداوە و هیچ ڕاوێژێکی پێ نەکردوە" (بازگر و هەڵەدنی، ٢٠٢٤، ٢٠)! بۆیە دەکرێ بڵێن هێشتنەوەی سەرانی باڵی جەلالی لە دەوروبەری بارەگای بارزانی، بەو ئەندازەییەی ئەمنی بوە، بەهەمان ئەندازە بۆ تێکشکانی کەسایەتی سیاسی و مەعنەویی ئەوان بوە. بۆیە ساڵی ١٩٧٢ (نەوشیروان) بەناوی خوێندن و (مام جەلال) بەناوی نوێنەرایەتی شۆڕش، یەکەمیان بۆ نەمسا و دوەمیان بۆ لوبنان، یەک لە دوای یەک کوردستانیان جێهێشتوە.

پێش ڕۆشتنیشی بۆ نەمسا، نەوشیروان مستەفا وەکو خۆی دەڵێت: دوای یەکگرتنەوەی هەردو ئاراستەکەی پارتی، ناوبراو نەبۆتە ئەندامی پارتی، بەڵکو تەنیا وەکو دۆستێکی پارتی ماوەتەوە (گوڵان، ژمارە ٧٠٧، ٣-١١-٢٠٠٨، ٣٠)، بەمجۆرە گێمی یەکەمی ململانێ و شەڕی ناوخۆیی لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بە سەرکەوتنی بارزانی و تێکشکانی سیاسی و مەعنەوی کەمەرشکێنی باڵی جەلالی کۆتایی هاتوە، ئەگەرچی لە ڕوکەشدا بارزانی لێخۆشبونی ڕاگەیاندبو و ئەوانیش چونەوە ژێر سایەی بارزانیان هەڵبژاردوە، بەڵام لە جەوهەردا نە بارزانی بە دڵ ئەوانی قبوڵکرد بو نە ئەوانیش بە ڕەزامەندی خۆیان ئەو ئاشتبونەوەیان هەڵبژارد بو بۆیە لەو ماوەیەدا بارزانی و دەوربەرەکەی بە لەخۆباییبونەوە لافی سەرکەوتنیان لێ دەدا و سەرانی جەلالیش چاوەڕانی بەخشندەیی بارزانی یان دەورانێکی نوێبون، هەتا ئەگەر خودا دەرفەت بدات تۆڵەی ئەو شکستەیان بکەنەوە!

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتوین:

- نەوشیروان مستەفا، لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا لەناو ڕیزەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بە خەباتی سیاسی کردوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاڕاستە نەتەوەییەکەی ڕێکخراوەکە لەگەڵ هەستی کوردایەتی نەوشیروان و ژینگەی خێزانەکەی و گەڕەکی سەرشەقام و شاری سلێمانی دەهاتەوە. بەهۆی ڕژدبون و خۆتەرخانکردنی بۆ کارەکانی لەناو یەکێتی قوتابیاندا، بە خێرایی پلە و پێگەی لەناو ڕێکخراوەکەدا بەرزبۆتەوە، بەمەش جگە لە قایمبونی جێگەی پێی کەسی خۆی، هاوکات بۆتە هۆکاری گەشەسەندنی ڕێکخراوەکە، کە لەڕوی ڕێکخستنەوە یەکێتی قوتابیان پێش ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەڕوی چەندیەتی و چۆنایەتی کەوتوە.

- ناوبراو لە ناکۆکی نێوان باڵەکانی پارتی، لایەنگیری لە مەکتەبی سیاسی پارتی دژی مەلا مستەفا بارزانیکردوە، ئەمەش بۆچەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەلایەک بەوپێیەی زۆرینەی کادرانی مەکتەبی سیاسی خەڵکی ناوچەی سلێمانی بون، بەمەش (نەوشیروان)یش لەژێری کاریگەری ئەم ئاراستەیەدا بوە، هاوکات دۆستایەتی لەمێژینەی لەگەڵ (برایم ئەحمەد) و (مام جەلال) هەردو ڕێبەری باڵی مەکتەبی سیاسی هەبوە. ئەوەشمان بیرنەچیت لەدیدی ناوبراودا بنەماڵەی بارزانی کۆنەپەرست و خێڵەکی بون، مەکتەبی سیاسیش نوێنەری ئاراستەی پێشکەوتوخوازی بوە.

- ئەگەرچی بەهۆی سەرقاڵی بەخوێندنەوە لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی بەغداد، تا ئەندازەیەک لە ناکۆکییەکان دورکەوتۆتەوە، بەڵام دواتر (لە ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە) بۆتە لایەنێکی دیاری شەڕی ناوخۆی ئەو قۆناغە. ئەگەرچی لە ڕوبەڕوبونەوە چەکدارییەکاندا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوە، بەڵام لەڕوی ڕاگەیاندنەوە خاوەن قەڵەمەکەی ئاگرین بوە، لەم ڕووەوە لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕزگاری (کە خۆی سەرنوسەری بوە) تەژین لە وتاری پڕ لە ڕق و سوکایەتی بە مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی باڵی مەلایی.

- نەوشیروان و زۆرێک لە لایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسی، ڕەخنەیان لە (دەستتێکەڵکردن لەگەڵ حکومەت و شەڕکردن دژی بارزانی) لە سەرکردایەتی حیزبەکەیان گرتوە، بەڵام پێناچێت لە ڕەخنەکانیان زۆر ڕژدبوبن، وتارەکانی گۆڤاری ڕزگاری تەواو ئەو بۆچونەمان پشت ڕاست دەکەنەوە.

- دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی واژۆکرد و پشتی کردە سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی، ئیدی بەناچاری گروپی دوەمیان گەڕانەوە لای بارزانی، بەڵام ئەو ئاشتبونەوەیە لە کرۆکدا ئارەزومەندانە نەبو، بەڵکو بەرهەمی دۆخێکی نائاسایی بو کە بریتیبو لە ڕێککەوتنی بارزانی و سەدام حسێن، بۆیە ئەگەرچی بەکردەوە شەڕی ناوخۆ بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەستا، بەڵام نە ئەوان مەلا مستەفایان وەکو پێشو بە ڕابەری چوڵانەوەی کوردی دەزانی، نە ئەویش بەڕاستی ئەوانی ئاشتکردەوە و نە پلەوپایەی بەرزی حیزبی و حوکمی پێدان.

## لیستی سەرچاوەکان


ئەمین، مەحمود ڕەزا، ژیانی (نەوشیروان) ئەمین ٢٢-١٢-١٩٤٤ هەتا ١٩-٥-٢٠١٧، ئەو دەستنوسە ئامادەکراوە، بۆ پێشەکی وەرگێڕانی هەندێک لە کتێبەکانی نەوشیروان بۆ فارسی. بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠١١، ڕیشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

ئینتیسار، نادر، ٢٠٠٣، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی قانع، سلێمانی.

بەختیار، ڕێبەر، ٢٠٢٠، نەوشیروان مستەفا، سیاسەت و ئەدەب، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

جەلال، برایم، ٢٠١١، چەپکێک لە مێژوی کۆمەڵە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا.

حەمەدەمین، ئەحمەد، ٢٠٢٠، بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕزگاری ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩- ٢٧ی مارتی ١٩٧٠، هەولێر.

حەسەن، حەمەسەعید، ٢٠٠١، قەڵەم و شمشێر، سوێد، بێ ناوی چاپخانە.

ڕەفیق، عادل، ٢٠١٧، هەندێک لە دۆکۆمێنتەکانی ئاڵای شۆڕش، بێ شوێنی چاپ.

زەنگەنە، عەبدوڵا، ٢٠٢٢، دەنگی کورد، یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی سەربەخۆیە، هەولێر.

ساڵح، مەجید، ٢٠٢١، ڕامانێک لە نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

شێروانی، مامخان، ١٩٩٥، بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژوییە لەسەر بارزان، چاپی دوەم، ستۆکهۆڵم.

عەبدوڵا، سەعد، ١٩٩٨، نەوشیروان مستەفا لە شیری هەتا پیری، هەولێر، بێ ناوی چاپخانە.

غەفور، عەبدوڵا، ١٩٩٥، بارزانم چۆن ناسی، ستۆکهۆڵم، بێ ناوی چاپخانە.

کرمانج، شێرکۆ، ٢٠١٧، شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، سلێمانی.

کوچێرا، کریس، ٢٠٠٤، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

کەریم، عارف، ٢٠١١، کۆمەڵە و یەکێتی، کورتە باسێکی مێژوویی، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ.
کارێزی، سالارحەمەسەعید، ٢٠١٨، گۆڤاری ڕزگاری ١٩٦٩-١٩٧٠، بڵاوکراوەکانی خەندە، سوید.
گوندی، کرمانج (کەریمی سەعید مەسیفی)، ١٩٩٠، سی ٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوێد.
ماکداوڵ، دەیڤد، ٢٠١٩، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
مەلا بەختیار، ٢٠١٢، چۆن چەپکێک و کام مێژووی کۆمەڵە، سلێمانی.
مەحوٚ، جەمیل، ٢٠٢٠، ناسۆرییەکانم لە زیندانی خەلان، وەگێڕانی: ڕێناس شاپور، هۆڵندا.
نەجمەدین، پشکۆ، ٢٠٢١، زوڵمەتی شۆڕش و ڕۆشنایی ئەدەب، چاپخانەی تاران.
لێژنەیەک لە ڕۆژنامەنوسان، ٢٠٠٩، ژیان و نهێنییەکانی نەوشیروان، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، بێ ناوی چاپخانە.
ئاکرەیی، شەکیب، ٢٠٢٣، ساڵانی مەینەتی لە کوردستان ١٩٥٨-١٩٨٠، وەرگێڕانی: کاوە هاوڕاز، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
ئەمین-ا، (نەوشیروان)، ١٩٩٧، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق، بەرلین.
ئەمین-ب، (نەوشیروان)، ١٩٩٧، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق، بەرلین.
بابان، فوئاد، ٢٠١٨، بیرەوەری ڕۆژگارە دورەکانم، چاپخانەی تاران، بێ شوێنی چاپ.
بارزانی-ا، مەسعود، ٢٠٢٠، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
بارزانی-ب، مەسعود، ٢٠٢٠، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
بازگر، ئەنوەر و هەڵەدنی، ژیلوان، ٢٠٢٤، دیدارێکی مێژوویی لەگەڵ مەلا بەختیار، کۆمەڵە، چەپ، چەپی نوێی دیموکراسی، دەزگای چاودێر.
حاجی مەمۆ، ٢٠١٣، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، زنجیرەی ١، کوردسان.
جەلال، ئیبراهیم. ٢٠٢١، عەشق و خەبات و ئازادی، بیرەوەری، سلێمانی.
ڕەشید، سەلاح، -ا، ٢٠١٩، مام جەلال لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، دیداری تەمەن، ب١، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئەدیبان، سلێمانی.
عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠٢٠، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، چاپی دوەم، سلێمانی.
مەلا عیزەت، مەحمودی، ٢٠٠٠، کاروانی بێ کۆتایی. بێ شوێنی چاپ.
مەلا، ڕەفعەتی، ٢٠٠٨، ڕۆژە تەماوییەکان، سلێمانی.
مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، لەبری بیرەوەری، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاودێر.
لۆلۆ، جەمال، ٢٠٢٢، بیرەوەرییەکانم لە غوربەتدا، بیرەرەیەکانی د. محەمەد سابیر، سلێمانی.
حەمەدئەمین، ئەحمەد، ٢٠١٦، ڕەوتی چەپ لە باشوری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەکو نمونە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕەحمان، قارەمان حەیدەر، ٢٠٢٤، ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە پێشەوایەتی کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا ١٩٤٣-١٩٧٩، هەولێر.
عەبدوڵا، فەرەیدون عەبدولڕەحیم، ٢٠٠٨، بارودۆخی سیاسی کوردستان – عێراق، ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر.
مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، ٢٠١٣، مستەفا بارزانی ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠، چاپی دوەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
مولود، ئازاد علی، ٢٠٢٠، نەوشیروان مستەفا ئەمین و ڕێبازی لە نوسینەوەی مێژووی کورددا، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین.
ئەمین، مەحمود ڕەزا، ١٢ی ئاداری ٢٠٢٥، سلێمانی. ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ لە شارەزور لەدایکبوە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخسینەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە، ناوبراو جگە لەوەی ئامۆزای نەوشیروان مستەفا بوە، هاوکات لە زۆربەی قۆناغەکان هاوڕێی ژیانی سیاسی نەوشیروان بوە. لە ئێستادا خانەنشینە و لە سلێمانی نیشتەجێیە.
خۆشناو ئازاد مستەفا، ٢٥-١١-٢٠٢٤، سلێمانی. ناوبراو ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەدایکبوە، هاوڕێی نزیکی نەوشیروان مستەفا بوە، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە لەگەڵ یەکێتی بە پچڕ پچڕی کار دەکات، لە ئێستادا خانەنشینە و لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە.
ڕەمزی، فەوزی، ١٦-١٠-٢٠٢٤، بنکەی ژین، سلێمانی. ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ لە هەولێر لە دایک بوە، ساڵی ١٩٤٧ماڵیان گواستۆتەوە سلێمانی، هاوپۆل و هاوڕێی قۆناغی ناوەندی (نەوشیروان) بوە، لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە سویسرا دەژێت.

شەبەک، سامی ئەحمەد عەلی، ٠٠-٧-٢٠٢٥، پەیوەندی تەلەفۆنی. لە هەولێر لەدایکبوە و ژیاوە، ساڵی ١٩٦٧ دەرچووی بەشی ئابوری کۆلێژی سیاسەت و ئابوری زانکۆی بەغدایە، واتە هاوکۆلێژی نەوشیروان مستەفا بوە، پاشان دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە مەجلیسی حوکم و ئەنجومەنی نوسینەوەی دەستورری هەمیشەیی، لەگەڵ نەوشیروان کاریکردوە. ناوبراو لە ئێستادا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە.
شەریف، عەبدولرەزاق، ٨-٧-٢٠٢٥، سلێمانی. ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانی لەدایکبوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە رێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردوە، ساڵی ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگە، ساڵی ٢٠١٤ پەیوەندی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە کردوە و بۆتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەکە.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٨ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، بونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان شتێکی پێویستە، دەنگی کورد(رۆژنامە)، ژمارە(٥٦)، بەغدا.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٩ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، بونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان شتێکی پێویستە، دەنگی کورد(رۆژنامە)، ژمارە(٥٧)، بەغدا.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٠ی تشرینی دوەمی ١٩٦٠، بونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێویستە، دەنگی کورد(رۆژنامە)، ژمارە(٥٨)، بەغدا.
بەریڤانی، ٢٧-٧-١٩٦٩، مەترسی جوڵانەوەکەی بارزانی بۆسەر کوردایەتی، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٦)، سلێمانی.
بۆچی دژی جیابونەوەیەن؟ ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (١)، ٢٠-٤-١٩٦٩، سلێمانی.
بۆچی ئەبێ بچین بەگژ جوڵانەوەکەی مەلا بارزانیدا، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ٢٧-٤-١٩٦٩، سلێمانی.
چۆن پشتیوانی ڕێبازی پێشکەوتوانەی کوردایەتی ئەکرێ؟، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٥)، ٢٢-٦-١٩٦٩، سلێمانی.
چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، گوڵان(گۆڤار)، ژمارە (٧٠٧)، ٣-١١-٢٠٠٨.
دەستەی نوسەرانی ڕزگاری، ١٨-٥-١٩٦٩، کێ نیشتیمان فرۆشتە؟ ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٤)، سلێمانی.
ڕۆژی کوردستان ( ڕۆژنامە)، ژ(١٣)، شوباتی ١٩٢٣.
زەمەن (گۆڤار)، ژمارەی تایبەت بە یادی دو ساڵەی کۆچی دوای نەوشیروان مستەفا، ١٩-٥-٢٠١٩.
ژیاننامەی مەلا ئاوارە، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٣)، ٤-٥-١٩٦٩، سلێمانی.
سلێمانی: ش.م، کانونی یەکەمی ١٩٦٠، لە پێناوی ڕزگاریا، روناهی (گۆڤار)، ژمارە (٣)، بەغداد.
سلێمانی: ش.م، شوبات و ئاداری ١٩٦١، تورەبونی گەل، روناهی (گۆڤار)، ژمارە (٥-٦٣)، بەغداد.
ش.م، ١٩٦١، توررە بونی گەل، ڕوناهی (گۆڤار)، ژمارە ٥ و ٦. بەغدا.
شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، عەلی حەمدی، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (١)، ٢٠-٤-١٩٦٩، سلێمانی.
شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری جەلال کەریم، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٤)، ١٨-٥-١٩٦٩، سلێمانی.
مامە پیرە، ٢٧-٤-١٩٦٩، هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ٢٧-٤-١٩٦٩، سلێمانی.
مامە پیرە، ٤-٥-١٩٦٩، هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی، ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٣)، ٤-٥-١٩٦٩، سلێمانی.
نەوزاد، لاوەند، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، چاوپێکەوتن لە گەڵ (نەوشیروان)، پشوی کوردستانی نوێ (گۆڤار)، ژمارە(١٦).
هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە (٢)، ٢٠-٢-١٩٧١.
تەیفور، عارف، ١٧-٨-٢٠٢٢، بەرنامەی پەنجەمۆر، کەناڵی ئاسمانی ڕوداو پێشکەکار: کاوە ئەمین گوڵچین.
ئەمین، مەحمود ڕەزا، ٢٣-١٢-٢٠٢٠، پارتی بە چ مەبەستێ قاچی بزوتنەوەی گۆڕانی ڕاکێشایە ناو زەلکاوی حکومەتەوە؟، سیاتی ئاوێنە، لینکی وتارەکە:پارتی بە چ مەبەستێ قاچی بزوتنەوەی گۆڕانی ڕاکێشایە ناو زەلکاوی حوکمەتەوە؟ ٤- ١٠

## پەراوێزەکان:

١-هەمزە عەبدوڵا، ساڵی ١٩١٤ لە دەوربەری شاری وان لە باکوری کوردستان لەدایکبوە، دواتر هەر لە منداڵییەوە هاتونەتە باشوری کوردستان نیتەجێ بون، ساڵی ١٩٣٥ خوێندنی لە کولێژی ماف لە بەغداد تەواو کردوە، یەکەم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان (لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٢ پێیدەگوترا پارتی دیموکراتی کورد) بوە، لە پەنجاکاندا چەندین جار لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی دەستگیرکراوە، ساڵی ١٩٥٩ بەهۆی نزیکایەتی لە حیزبی شیوعی لەلایەن بارزانی لە پارتی دەرکراوە. ساڵی ١٩٩٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە (حەیدەری و ئەوانی دیکە، ٢٠١٤، ٦١٣-٦١٨).

٢-ئیسماعیل عارف عەبدولعەزیز، ناوبراو ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی لەدایکبوە، یەکێک بوە لەو ئەفسەرە کوردانەی لە باشوری کوردستانەوە ساڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کوردوە، دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان، دواتر گیراوە و هەتا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە زیندان ماوەتەوە، لەو ساڵەوە چۆتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ساڵی ١٩٦٠ لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتیدا لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا کراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی..، ساڵی ١٩٩٩ بە نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی دهۆک مردوە. (ئەمین، دەستنوسی بڵاونەکراوە)

٣-نوری ئەحمەد تەها، ساڵی ١٩٢١ لە سلێمانی لەدایکبوە، ساڵی ١٩٣٩ لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی دارکەر دەستی بە خەباتی سیاسی کردوە، ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە حیزبی هیواوە کردوە، یەکێک بوە لەو ئەفسەرە کوردانەی پەیوەندی بە کۆماری کوردستان -مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ کردوە، ساڵی ١٩٥٣ بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە، هەتا ساڵی ١٩٧٥ لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە چالاکیدا بوە، ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردوە. ( https://kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2010062515415745 ) ٢٩-٥-٢٠٢٥.

٤- ئەرنستۆ چی گیڤارا، ناسراو بە گیڤارا، ساڵی ١٩٢٨ لە ئەرجەنتین لەدایک بوە، ساڵی ١٩٥٣ بڕوانامەی پزیشکی لە زانکۆی بۆینس ئایرس بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٥٦ بەشداری لە شۆڕشی کوبادا کردوە، ساڵی ١٩٦٧ لە پۆلیڤیا دەستگیرکراوە و گولەبارانکراوە. (حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٥٢).

٥ ڕزگاری، گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی بوە، نەوشیروان مستەفا خاوەن ئیمتیاز و شازاد سائیب سەرنوسەری بوە، ١٥ ژمارەی لە سلێمانی لە نێوان ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ – ٢٧ی ئاداری ١٩٧٠ لێ دەرچوە.